# تەعریبی کەرکوک

سیاسەتی تەعریب لە دووتوێی هەشتا بەڵگەنامەدا

(شۆڕش حاجی)

**ئەم باسە دەربارەی شاڵاوی تەعریبە لە شاری کەرکوک و دەوروبەریدا، کە لە لایەن حکومەتە یەک بە دوای یەکەکانی عێراق بۆ ماوەی پتر لە هەشتا ساڵ پیادە کراوە. تەعریبی کەرکوک و گۆڕینی نەخشەی دیموگرافی ئەو شارە بۆتە مایەی کێشە و ململانێیەکی زۆر لە نێوان کورد و حکومەتەکانی عێراقدا.**




**نووسەر بابەتەکانی ئەم باسەی کردووە بە چوار بەش. بەشی یەکەم لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییە دەربارەی کورد و بەعس و تەعریب، کە تیایدا مێژووی کەرکوک و تەعریب و شێوەکانی تەعریب لە کوردستان بەگشتی و لە کەرکوکدا بەتایبەتی، خراونەتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە. هەروەها بۆچوونی رۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەرەوە بیانی و عەرەبی و تورکییەکان و لێپرسراوە بەریتانییەکانی سەردەمی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی خراونەتە روو. نووسەر لەم بەشەدا پشتی بە چەندین سەرچاوەی مێژوویی و ئەکادیمی گرنگ بەستووە.**

**سێ بەشەکەی تر بریتین لە نمایش و شیکردنەوەی هەشتا بەڵگەنامەی حکومەتی عێراق. بەڵگەنامەکانی ئەم باسە هەڵبژاردەی سەدان بەڵگەنامەن، کە بریتین لە بڕیار و رێوشوێن و فەرمانی گەورە لێپرسراوو دەزگا سەرکردایەتییەکانی دەوڵەتی عێراق، لە کۆنەوە تا رووخانی حوکمی بەعس لە بەهاری 2003دا. بەشێکی ئەو بەڵگەنامانە لە راپەڕینی ساڵی 1991دا و بەشەکەی تری لە دوای رووخانی حوکمی بەعس کەوتنە دەست خەڵکی کوردستان.**

**بەڵگەنامەکان بە گوێرەی ناوەرۆکەکانیان لە بەشی تەعریب لە ئایدیۆلۆژیای حیزبی بەعسدا، یان بەشی رێنوێنییەکانی حکومەتی عێراق سەبارەت بە تەعریب ، یاخود بەشی ئیجرائاتی رۆژانەی عێراق بۆ تەعریبی کوردستان جێی خۆیان کردۆتەوە. بابەتەکانی ئەم باسە بەروونی ئەوە دەسەلمێنن کە چۆن کەرکوک و شوێنەکانی تری کوردستان بە گوێرەی نەخشەو پلانێکی دارێژراو لە لایەن حکومەتەکانی عێراقەوە تەعریب کراون. هەروەها بەڵگەنامەکان ئەو راستییە دەسەلمێنن کە شاڵاوی تەعریب لە کوردستاندا خەڵک و جێگا و مێژوو و کولتوور و زمانی گرتۆتەوە.**

**لە دوا وتەدا، جگە لە بەرەنجامی شیکردنەوەی ناوەرۆک و مەغزای بەڵگەنامەکان، جەخت لە سەر ئەو راستییە کراوە کە هەلومەرجەکانی دوای رووخانی حوکمی بەعس دەبوو هاوزەمان بونایە لەگەڵ دارشتن و جێبەجێکردنی بەرنامەی نەهێشتنی شوێنەواری تەعریب. هەروەها ئاماژە بەو هەلومەرجە خۆیی و بابەتییە کراوە، کە رووخانی بەعس هێناویەتە کایەوە.**

**شایانی باسە، کە داهاتی ئەم کتێبە بۆ پرۆژەیەک لە شاری کەرکوک تەرخان کراوە.**

**ئەم کتێبە لەم ژمارە تەلەفۆنانە دەست دەکەوێ :** 0044- 20- 7735 0918, 0044- 20- 85637918

0044- 78844 33441